# بیرکردنەوە لە دەوڵەت

**سەردار عەزیز**

ئەمرۆ دەوڵەت یان حکومەتی کوردی لە قەیراندایە. ئەمە شتێکی نوێ نیە، هەموو کەسێک لە کوردوستان، گەورە و بچوک، نەک هەر لەمە ئاگادارن بەڵکو بەدەستیەوە رۆژانە ئازار ئەچێژن. ئاگاداربوون لە قەیرانێک تەنها بەشێکە لە ناسینی قەیران. ناسینی قەیران و کێشەکان وە هەروەها بیرکردنەوە لە چارەسەریان بەشی هەرە سەرەکی مامەڵەکردنن لەگەڵ قەیراندا. لە کوردوستان ئەم لایەنە سەرەکیانەی قەیران، بیرکردنەوە، داهێنان، چارەسەرکردن، لاوازن. بەمانایەکی تر؛ ئێمە هەمومان ئەزانین کە دەردمان هەیە، بەڵام نازانین دەردەکەمان چین، بۆچی چارەسەرناکرێن، چۆن چارەسەریان کەین. ئەم کەموکوریە بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد سەیرنیە، چونکە ئیمە مێژوومان بەو پێکهاتە ئالۆزەی کەپێی دەڵین دەوڵەت نامۆیە.

سەرەتاییترین کێشە ئەوەیە کە دەوڵەت بوونی نیە. بەڵام بە بوونی دەوڵەت مانای ئەوە نیە کە کێشەکان چارەسەردەبن. بۆ نموونە؛ ئەگەر سبەینێ لە کوردوستان هەڵبژاردن ئەنجام درا و یەکێک لە پارتە زلهێزەکان زۆرینەی دەنگەکانیان بۆخۆیان کۆکردەوە وە پارتی دووەم رازی بوو کە ببێتە ئۆپۆزیسون، وە لە ئەنجامدا حکومەت دامەزراو کەوتە گەڕ. بە بۆچوونی من هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆرێ. ئەو کاتە رەنگە ئەو گۆرانە گرنگە رووبدات کە حیزب ئامادەیە بارگە و بنەی بگوێزێتەوە بۆ حکومەت، بەڵام ئەو حکومەتەی کە دروست ئەبێت نازانێ چۆن حوکم بکات.
قەیرانی سەرەکی ئێمە ئەوەیە، ئەگەر ئێمە ئەزانین بۆچی حکومەتی کوردیمان ئەوێ، بۆئەوەی غەیرە کورد حکوممان نەکات، ئەوا نازانین چۆن ئەو حکومەتە بەرێوەبەرین، چۆن دەزگاکانی پێکبێنین، چۆن و لەسەر چ فەلسەفەیەک دایرێژین، کۆمەڵگای ئێمە چ کۆمەڵگایەکە، چ جۆرە حکومەتێک ئەتوانێ چارەسەری قەیرانەکانی بکات. ئایا حکومەتی کوردی دەبێ وەک حکومەتەکانی تر بێت یان پێویستە تایبەت بێت.
رەنگە وەڵامێکی ئامادە هەبێت لای هەموان ئەویش ئەوەیە؛ ئێمە لە سەردەمی دیموکراسیدا دەژین وە دەبێ حکومەتی کوردیش دیموکراسی بێت. بەڵام ئەم وەڵامە وەڵام نیە. یان بەلانی کەم بەوەڵام دانانرێت، چونکە دیموکراسیەت فۆرمە بۆ حکومەت کە لە نێویا هەموو ئایدیایەک جێگای ئەبێتەوە. بۆیە ئەوەندە بەس نیە ناو لە خۆمان بنێین دیمۆکراسی ئیتر پاڵی لێبدەینەوە. پێش هەموو شتێ دیموکراسیەت سیستەکمێکی هێندە ئالۆزە، کە گومان هەیە ئایا ئێمە وەک کورد ئامادەین بۆ جۆرە سیستەمێکی وەها. ئەگەر ئەفلاتۆنیانە بیربکەینەوە ئەوا ئێمە نەک هەر ئامادەنین بۆ دیمۆکراسی بەڵکو هێشتا بەکەڵکی دیمۆکراسی نایەین. بەلای ئەفلاتۆنەوە حوکمکردن و حکومەت زانستن؛ بۆیە دەبێ تەنها ئەو خەڵکانە تیابەشداربن کە لێی شارەزان. ئەم تێروانینە بەمانای ئەوە نایەت (بەلای کەم بە مانا هاوچەرخەکەی) کە خەڵکی نابێ حاکمی خۆیان بن، بەڵکو بەو مانایە دێت ئەگەر خەڵکی دەیانەوێ حاکمی خۆیان بن ئەوا دەبێ بە ئاگابن، زۆرترین شارەزایی کۆکەنەوە. چونکە حوکمکردن پێویستی بە زانیاریە.
یەکێک لەو کێشانەی کە رێگا لە دیمۆکراسی بوونی ئێمە ئەگرێت وەک نەتەوەیەک، ئەوەیە کە زۆرینەی زۆری خەڵکی ئێمە لە رووی فیکر و پەیوەندی بە فیکرەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان دۆگمان. دۆگما بەمانای ئەوە پەیوەندیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکەیانا پەیوەندیەکی عەقلانی نیە، بەڵکو پەیوەندیەکی ئاینیانەیە. بە پێی سەرەتاییترین بنەمای مرۆڤی راشناڵ مرۆڤی دۆگما مرۆڤێکە کە سەرتاپا ژیانی گوناهێکی گەورەیە دژ بە مرۆڤایەتی. (بەڵام کاری ئەم نووسینە نیە کە باس لە غیابی

عەقلانیەت بکات لە کۆمەڵگای کوردیا، چونکە عەقلانیەت هەتا لە رۆژئاواو و لە شێوازە رۆژئاواییەکەی لە قەیرانێکی وەها سەختا دەژی کە بوە بەجۆرێک لە دۆگما).
بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ باسی لێوەبکەم بیرۆکەی دەوڵەتە. دەوڵەت ئامادەییەکی دیار و بەهێزی هەیە لە خەیاڵ و عەقڵی کوردیا وەک چەمکێک، بەڵام چەمکێکی بیرلێنەکراوە. ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە ئێمە دەوڵەتمان نیە، وە سیاسەتمەدارەکانمان پێمان دەڵێن ئێستا ناتوانین دەوڵەتمان هەبێت، وە هەرکەسێکیش بیری لێبکاتەوە ئەوا وەک شاعیران لە خەو خەیاڵدا ئەژی.
ئەوەی لەم تێروانینەدا ئاشکرایە ئەوەیە کە دەوڵەت وەک یەکەیەک ناسراوە کە کاری گرنگی پەیوەندیکردنە بە دەوڵەتەکانی ترەوە. بۆ ئەو گەلانەی کە دەوڵەتیان نیە دەوڵەت یانی پاراستن، بوون، دانپیانان. گومانی تیا نیە ئەمانە لە رۆلە گرنگەکانی دەوڵەتن، بەڵام لە فیکری سیاسیدا غیابێکی تەواو هەیە دەربارەی ئەوەی کە دەوڵەت چۆن دەبێ لە گەڵ هاووڵاتیانی خۆیدا مامەڵەبکات.
ئەم پەیوەندیەی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت، تاک و دەوڵەت، هاووڵاتی و دەوڵەت، پەیوەندیەکە کە پانتاییەکی زۆری فیکری رۆژئاوای داگیرکردوە. لە سەرەتادا پێویستە ساتێک لەسەر ئەوە بوەستن کە عەقڵی کوردی، عەقڵێک نیە گەشتبێتە قۆناغی فەلسەفەکردن. (لێرەدا حەزئەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە لەنێو چینی لاوی کورددا ئارزوویەکی بەهێز هەیە بەرەو فەلسەفە، کە لە ئارەزووکردن بۆ فەلسەفەکردنەوە سەریهەڵنەداوە، بەڵکو لە بێبەریبوونێکەوە  هاتووە کە بێبەریبوونە لەو پانتاییەی لە پێی دەڵین ماڵ یان نیشتمان. بەمانایەکی تر، هەوڵی لاوی کورد لە پەیوەست بوون بە فەلسەفەوە، هەوڵێکە بۆ نیشتەجێبوون لە دونیادا. لە دەرفەتێکی ترا ئەگەرێمەوە سەر ئەم باسە).
لە کاتێکا لە رۆژئاوا بیرۆکەی دەوڵەت و چۆنێتی دەوڵەت و پێکهاتەی دەوڵەت و گەشەی دەوڵەت و پەیوەندیەکانی دەوڵەت لە هەموو چەمکێکی تر زیاتر پانتاییەکانی فیکری رۆژئاوای داگیرکردوە، لە بەرامبەردا فیکری رۆژهەڵات بە گشتی وە فیکری کوردی بە تایبەت لەم روانگەیەوە جگە لە بیابانێکی بەتاڵ هیچی تر نیە. ئەگەر بێتوو ساتێک هێگلیانە بۆئەم دیاریدەیە بنوارین، ئەوا رەنگە دەرئەنجامێکمان بە دەست بگات. بە لای هێگڵەوە، لە کتێبی فینۆمینۆلۆژیای رۆح یان عەقڵدا (ووشەی گایست–ی ئەڵمانی مانایەکی تایبەتی هەیە کە هەردوو مانای رۆح و عەقلیش دەگەیەنێ)، باس لەوە ئەکات کە پەیوەندیەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوان رۆح یان عەقڵی مرۆڤ و ئەو دەزگایەی کە پێیی دەڵێن دەوڵەت. بەو مانایە دەوڵەت رەنگدانەوەی گەشەی رۆح یان عەقڵی مرۆڤە. ئەم تێگەشتنە بۆ دەوڵەت تێگەشتنێکی ئایدیالە.  بەڵام بە پەیوەندکردنی دەوڵەت بە عەقڵ یان رۆحەوە؛ کە بەلای هێگڵەوە عەقل یان رۆح بە سروشت عەشقی ئازادین بۆیە بونیاتنانی دەوڵەت رەنگدانەوەی ئازادی عەقڵ و رۆحی مرۆڤە. بۆیە بەلای ئەوەوە لە دەوڵەتدا مێژوو کۆتایی دێت چونکە مرۆڤ دەگاتە ساتەوختی ناسینی خۆی.
لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆرێ؛ ئەگەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان رێگرن لە بەردەم راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیا، ئەوا دەوڵەتێکی کوردی رانەگەیەندراو بوونی هەیە. بەڵام ئەم دەوڵەتە لە قەیراندایە؛ ئایا لەبەرئەوەی رەنگدانەوەی رۆح یان عەقڵی کوردی نیە، یان لەبەرئەوەی عەقڵ یان رۆحی کوردی بە ئازادی وە پاشان بە چەمکی دەوڵەت ئاشنا نیە.
دیارە وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاشکران، رۆح و عەقڵی ئێمە بە ئازادی و دەوڵەت و بیرکردنەوە ئاشنانین. بۆیە دەبێ وەک تەلەفونی مۆبایل و سەتەلایت و هەموو شتێکی تر لە دەرەوە بیهێنین. بەڵام ئەگەر بەووردی بیر لە هێگڵ بکەینەوە ئەوا ئەم هێنانە لەدەرەوە مایەی قەیرانە. چونکە ئێمە دەزگایەک دەهێنین بۆئەوەی رۆحمانی تیا نیشتەجێ بکەین بەڵام ئەو دەزگایە بەرەمی رۆحمان نیە بۆیە رۆحمان نامۆدەبێ تیایدا. ئەم قەیرانە نەک تەنها کۆمەڵگای ئێمە بەڵکو سەرجەم ئەو کۆمەڵگایانەی گرتوەتەوە کە رۆح و عەقڵ تیایا بە هۆی باڵادەستی ئاینەوە ئازادنین.

دیاره ئەوەی لەم دیدە هێگلیەدا مایەی کێشەیە ئەوەیە کە ئێمە پێویستیمان بۆ دەوڵەت پێویستیەکی هەنووکەییە بەڵام ئەم شێوازەی هێگڵ بە کاوەخۆیی و هێواش و پاش تێپەربوونی سەردەم و زەمانێک زۆر رەنگە بەدیبێت.
بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە تێروانینی هێگل و چەمکی هێگلیانە بۆ دەوڵەت بۆ ئێمە بێ بایەخە. ئەوەی لە هێگڵەوە فێردەبین ئەوەیە کە دەوڵەت کاتێک دەوڵەتە کە لە گەڵ رۆح وعەقڵی مرۆڤدا تەبابێت. وە بەڵای هێگڵەوە ئازادی خەسڵەتی هەرە سەرەکی رۆح و عەقڵی مرۆڤە، بۆیە دەوڵەت بۆئەوەی ببێتە ماڵی رۆح دەبیت پانتاییەکی پڕ لە ئازادی بێت. بەڵام مەخابن عەقڵی کوردی لەگەڵ ئازادی رۆح و عەقڵدا پێکەوە نایەت. بە پێی هێگل دەوڵەت فۆرمێکی جێگیری نیە، بەڵکو لە هەمیشە گۆراندایە. ئەم دیاریدەی هەمیشە گۆرانە بۆ عەقڵی کوردی قووت نادرێت. چونکە تێگەشتنی کورد بۆ دەسەڵات تێگەشتنێکە کە لە سەر بنەمای چەسپاندن و وەستان خۆی ئەبینێتەوە، کە مەخابن دوو هەرە سیفەتە بنەرەتیەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریە.
بەشێکی سەرەکی فینۆمینۆلۆژیانی رۆح دەربارەی دیالێکتی کۆیلە و ئاغایە. لە دەوڵەتدا (دەوڵەتی هێگڵی) مرۆڤ دەبێتە خاوەنی خۆی وە لە هەموو فۆرمەکانی تری خاوەندارێتی رزگاری دەبێت، بۆیە گەشتن بەم دەوڵەتە دوا فۆرمی دەوڵەتە چونکە مرۆڤ ئامادەنیە دەستبەرداری خاوەندارێتی خودی خۆی بێت. ئەم دوو سیفەتە گرنگە خاوەندارێتی خود و هەمیشە گۆران، تەنها لە دیموکراسیدا دێتە دی، بۆیە فۆکۆیاما بە خۆێندنەوەی بۆ هێگڵ جاری ئەوە ئەدات کە دیموکراسیەت کۆتایی مێژووە.

ئەم تیورەی هێگڵ بۆ کورد بەرامبەر چەندین کێشەی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و رامیاریمان ئەکاتەوە، بۆنموونە؛ چۆن مرۆڤی کورد ئازادبکرێت، چۆن ببێتە کەسێک کە خاوەن رۆحێکی عاشق بە ئازادیە، چۆن شێوازێکی کۆمەڵایەتی و رامیاری بێتە دی بۆئەوەی ئەو رۆحە گەشەبکات و ببێتە رێبەر. چۆن دەوڵەتێک بێتە دی کە مرۆڤ تیایە خاوەنی خودی خۆی بێت، خاوەنی رۆحێکی ئازاد، عەقڵێکی ئازاد، خاوەنی رێز و حورمەت و ئازادی بێت.
دیارە هێگڵیەت تەنها شێوازی دەوڵەت نیە، بەڵام تێگەشتن لە هێگڵ پێویستیەکە بۆ تێگەیشتن لە فۆرمەکانی تری دەوڵەت و کارپێکردنیان. کەلتوور و رۆشنبیری کوردی بە تەواوی بێبەریە لە بیرکردنەوە لە دەوڵەت و ئازادی و مرۆڤ و چۆنێتی رێکخستنی کۆمەڵگا و چەندەها لایەنی گرنگی کۆمەڵ. ئێمە بێ ئەم تێگەشتنانە ناتوانین ببینە خاوەن ئازادی و دەوڵەت و حورمەت و رێز. تا ئەو ئاستەی من ئاگاداربم ئەم بابەتە هەرە گرنگە لە زانکۆکانی کوردوستان ناخوێنرێت، حەزدەکەم هەڵەبم.
ئەم بێئاگاییە لە چەمک و تیورەکانی دەوڵەت ئێمەی وەک نەتەوەیەک لە دەرفەتێکی زێرینا بەرەو شکست برد. حکومەتی هەرێم ئەمرۆ لە ناوەند و میدیا و کۆمەڵە جیهانیەکاندا چی دی بە دیموکراسی و شتی لەو جۆرە ناونابرێت. بەداخەوە ئێمە ئێستا سەرەتای دیاریدەیەک دەبینین کە دەیەوێ حکومەتی هەرێم وەها ناوزەدبکات کە پێکهاتەیەکە شایانی پاڵپشت و هاوکاری نیە. ئێمە دەزانین کە دوژمن و ناحەزمان لە دۆست زیاترە بۆیە خراپەکانمان، پێش هەموو شتێک خراپەکانمنان بەرامبەر خودی خۆمان باجێکی زۆری لە سەرمان دەکەوێ. ئەمرۆ حکومەتی هەرێم لە دەزگا جیهانیەکانا بە نادیموکرات و گەندەڵ و پێشێلکەری ئازادیەکان و ئازاردەر و چەندەها سیفەتی تری خراپ ناسراوە. یەکێک لەو بابەتانەی کە لەم چەند رۆژەی دوایەدا ئەم لایەنە تاریکانەی حکومەتی هەرێمی بە دونیا ناساند بابەتێکی مایکڵ رۆبن بوو کە لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمریکیە لە ناوەندی ئەمەریکان ئێتەرپرایز. ئەم ناوەندە لە هەموو ناوەندە فیکریەکانی تر زیاتر لە سەرۆکایەتی بۆشەوە نزیکە. لەو بابەتەدا رۆبن مەسعود بەرزانی بە یاسر عەرەفات دەچوێنێ، چەندین رەخنەی تر کە زۆریان روخێنەرن بەڵام

مەخابن زۆریان راستن. دەوڵەت بریتی نیە لە ناوەندێک بۆ پاداشت دانەوە، بریتی نیە لە ناوەندێک بۆ خۆدەوڵەمەندکردن، بریتی نیە لە موڵکی کۆمەڵێ خەڵکی دیاریکراو، بریتی نیە دەزگایەکی پۆلیسی داپلۆسێنەر، بریتی نیە لە پێکهاتەیەکی کەڕ و کوێر و بێئاگا یان دەزگایەکی بێ رۆح و بێ عەقڵ و بێ دڵ.

بۆئەوەی شێوازێکی گونجاو لە دەوڵەت پێک بێنین؛ پێویستە بە قووڵی و بە جدی بیرکەینەوە. پێویستە لە میکیاڤیللی و دەوڵەت بیرکەینەوە، پێویستە لە هۆبز و دەوڵەت بیرکەینەوە، پێویستە لە لۆک و دەوڵەت بیرکەینەوە، پێویستە لە مادسن و دەوڵەت بیرکەینەوە، پێویستە لە مارکس و دەوڵەت بیرکەینەوە، پێویستە لە رۆسۆ و دەوڵەت بیرکەینەوە، پێویستە لە کێنز و دەوڵەت بیرکەینەوە، پێویستە لە هایەک و دەوڵەت بیرکەینەوە، پێویستە لە فۆکۆ و دەوڵەت بیرکەینەوە، چەندەها و چەندەهای تریش. زۆر بە سادەیی ئێمە نابینە خاوەن دەوڵەت تا بیری لێنەکەینەوە. من ئەگەر سەرقاڵی ژیان بوارم بدات بە کاوەخووی کار لەسەر هەموو ئەوانە ئەکەم، بەڵام کاری تر زۆر زۆر پێویستە. بەداخەوە ئەمرۆ رۆشنبیری کوردی بەشێکی زۆری وەک هاورێ بەختیار عەلی ناوی لێنا تەنها بریتیە لە کارێکی خۆبەتاڵکردنەوە.